




# شەوی یەڵدا باشتر بناسین

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# شەوی یەلدا لەبەر ڕۆشنایی مێژوودا

## توێژینەوە،گردکردنەوە و ئامادەکردن:



هۆمەر نۆریاویی

### پەیڤی دەستپێک:

بەشێکی ئەم بابەتەی دەخرێتە بەردیدەی تۆی خوێنەر، بۆ بەرنامەیەکی ڕادیۆیی نووسراوە کە ساڵانێک پێش ئێستا لە شەوی یەلدادا لە ڕادیۆ "سنە" و بەرنامەی"تریفە"وە پێشکەش بە گوێگری کورد زمان کراوە. دیوی دەرەوەی بابەتەکە پتر لە گردکردنەوە و ئامادەکردنەوە نزیکە بەڵام لە ڕاستیدا بۆ بەرهەڤکردن و نووسینەوەی، لە دەرکەی زۆر پەڕتووک،ماڵپەڕ و بلاگی کوردیی - فارسیم داوە و بە دەیان دیوانە شێعری کوردییدا داگەڕاوم و دەکرێت بڵێم، دەچێتە خانەی توێژینەوەیەکی کورت و پوخت لەسەر یەلدا. لەم ڕێگەوە زێتر ویستوومە زانیارییەک بە بیسەر و گوێگر و خوێنەری کورد سەبارەت بە مێژووی ئەم شەوە و یەلدا لە نێو کورد و وێژەی کوردییدا ببەخشم. دەقی بەرنامەکە بە پێداچوونەوەی نوێ و قووڵترکردنەوەی بابەتەکە، بە هەمان شێوەی ڕادیۆیی دەخەمە بەرچاوی تۆی خوێنەر،هیوامە بەکەڵک و سوودبەخش بێت. لە بەشی کۆتایی بابەتەکەدا دەیان چەپکە شێعری کوردیشتان دەخرێتە بەرچاو کە بۆ دەستخستن و دیتنەوەی ئەم شێعرانەیش، گەلێک خۆم ماندوو کردووە،ئومێدە ئەم هەوڵە، سەرەتا و دەستپێکێک بێت بۆ دنەدانی کەسانی دی، بۆ لێکۆڵینەوەی وردتر و قووڵتر و هەروەها بەرفرەوانکردنی گوڵچاڕی شێعری یەلدایی.

## یەلدا، فەلسەفە  و مێژووەکەی



"وەک زستان بەڕێوەیە، ئایا بەهاریش دەگەڕێتەوە"؟ ئەم ڕستە و پەیڤە، ئەم چەمک و واتایەی لە نێوئاخن و کرۆکدایە هەتا ورد ببینەوە لە مژار و پرسێک کە گەرەکمانە پەی بە سەرچاوە و ناوەڕۆکەکەی ببەین و بزانین چییە؟ واتە شەوی یەلدا یان شەوی چلە گەورە یاخۆ هەمان شەو زستان. لەلایەکەوە دەستپێک و سەرەتای زستان و دەرکەوتنی سەرما و سۆڵە و بەسەرچوونی وەرزی خەزان و وەرین و ماتەمی سرووشتە، لە لایەکی دیکەوە، چاوەڕێبوون بە دیار بەهارەوە، کە ئایا بەهار و گوڵ و بۆن و بەرامەی گوڵزار و سەر لە نوێ ژیانەوەی سرووشت، دەگەڕێتەوە ؟!

لە کاتێکدا مرۆڤ بەدەست تووڕەیی و سازی ناساز و میزاجی سرووشتەوە گیرۆدەیە و وێڵی دوای قۆناخی گەشەکردن و دیتنەوە و دۆزینەوەی نهێنییەکانی سرووشتە، لەهەمان کاتیشدا مرۆ پێوەندی خۆی لەگەڵ ئەم هێزە یاخییەدا لە ڕێی ملکەچبوونەوە بەردەوام کردووە.

وشەی یەلدا، وشەیەکی سریانییە کە یەکێک لە زمانە کۆنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. یەلدا، هەروەها یەکێک لەو جێژنانەیە کە ڕەچەڵەکی لە ئایینی مێهردایە، بە چەشنێک کە زۆر لێکۆڵەر و ڕۆژهەڵاتناس، بە شەوی لە دایکبوونی "میترا"ی ناو دەبەن.

شەوی یەلدا یان شەوی چلە، درێژترین شەوی ساڵ لە نیوچە گۆی باکووری زەوییە. بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە، ئەمشەوە هەر لە خۆرئاوابوونی ٣٠ی سەرماوەزەوە تا دەگاتە هەڵاتنی خۆر لە ١ی بەفرانباردا درێژەی هەیە و هاوکاتە لەگەڵ "شۆڕشی زستانە یان گۆڕانی" و هەر لەبەر ئەمەیشە کە ڕۆژ، درێژتر و تەمەنی شەو، کورتتر دەبێتەوە. ئەم دیاردە سرووشتییە لەسەر خەڵکانی کەونار و کۆن، کاریگەرییەکی قووڵی فەلسەفی داناوە و ئەو شەوەیان بە واتای زاڵبوونی

ڕووناکی بەسەر تاریکیدا ناودێر کردووە. خەڵک، پیرۆزیی و سەرکەوتنی خۆر و ڕووناکییان بەسەر تارمایی شەو و تاریکیدا جێژن دەگرت، هەتا سەرکەوتنی مێهر و تێکشکاندنی ئەهریمەن ببینن. ئەم جەژنە لای زۆر نەتەوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای بچووک و تەنانەت یۆنان و... بەڕێوە دەچێت، بەڵام هەرکام بە شێوەیەکی جیاواز و لە ژێر ناوێکی دیکەدا.

## یەلدا و کورد



ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە مێژووی شەوی یەلدا لە نێو کورد و لە کوردەوارییدا بدەینەوە و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم جێژنە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر و دابونەریتی کوردەواری لە سەردەمی کەوندا. هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤی کورد و تێکەڵاوبوون بە سرووشت و دیاردەکانی و ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆی کوردەوە لەم سەرزەوینەدا، ئایینیش وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی مانای بە ژیانی خەڵکانی ئەم ناوچەیە بەخشیوە. ژیان، حەقیقەتێکە کە بە بێ دۆزینەوەی، واتا و مانای نییە. مرۆی سەردەمی کۆنیش بۆ دۆزینەوەی ئەم حەقیقەتە هەوڵ و تەقەلای خۆی داوە. هەروەها دەرکەوتووە کە دانیشتووانی ڕەسەن و کۆنی ناوچەی زاگرۆس، پێش هاتنی کۆچبەرە ئارییەکان، هێز و دیاردە سرووشتییەکانیان بەلاوە جێی بایەخ و گرینگ بووە و "خۆر، ئاو و ئاگر و با" یان لا گەلێک بایەخدار بووە کە هەتا هەنووکەیش، ئەم چوار توخمە لای ئێزدییەکان هەمان نرخی خۆیان هەیە. شەوی چلە یان یەلداش، ئێستا یەکێکە لە جەژنە گەورەکانی ئێزدییەکان و هەموو ساڵێک بەڕێوەی دەبەن.

لە هەزارەی دووهەمی پێش زاییندا، هاتن و نیشتەجێبوونی هۆزە کۆچەرە هیندوئەورووپاییەکان، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئایین و زمانی دانیشتووانی زاگرۆس پێک دەهێنێت. دین، وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هەمیشە تاقە ڕێگا بووە بۆ دۆزینەوەی ماناکانی ژیان و لە پەنایدا زانست بۆ دۆزینەوەی‌حەقیقەت، هەوڵی خۆی داوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە مانای ژیان،لە خودی ژیانی مرۆڤ و دەوروبەری دایە. مرۆڤ، بوونەوەرێکی زیندووە و هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی ماناکانی سرووشتەوەیە. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان لە کوردەوارییدا، بۆمان دەردەکەوێت کە "شەوی یەلدا" وەک جێژنێکی ئایینی

لە سەردەمی کۆندا چاو لێکراوە و میناک نەریتێکی دێرینیش پارێزراوە و تا ئێستایش هەر ماوەتەوە.بەڵام ،مێژووی شەوی یەلدا و ئاهەنگی ئەمشەوە لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ١٠٠٠ ساڵ. لە هەر ناوچە و دەڤەرێکی ئێراندا ئەم شەوە بەوپەڕی شکۆوە یاد دەکرێتەوە و تێیدا ئاهەنگێکی تایبەت بەڕێوە دەچێت و لە هەموو شوێنێکیش هەتا ڕادەیەکی زۆر وەک یەکە،چونکە سەرچاوە ،یەکە.

## بەڵام با بزانین شەوی یەلدا لە کوردەواریدا چۆن بەڕێوە دەچێت؟

لەم شەوەدا بنەماڵە بۆ کۆکردنەوەی خێزانەکەی لە دەوری یەکتر و شەوچەرەی نێو دیوەخانیان و بەسەربردنی چلە گەورەی ساڵ واتە چلەی زستان، پێکەوە دانیشتوون و تا دەمەوبەیان یەکتریان دواندووە و ئەو شەوەیان بە گێڕانەوەی سەربردە و حەکایەت و خوێندنەوەی شێعر و حەیران، لاوک و هۆرە بەسەر بردووە. حەکایەتێک کە باس لە قارەمانەتی و لەخۆبوردوویی یان هەندێکجار دڵشکان و نامورادی و تراژیک دەکات کە ئەوەش لە میتۆلۆژی و ئوستوورەناسیی کورددا دەتوانێت ڕاڤە بکرێت. کەسایەتی ئەو چیرۆک و حەکایەتانە، کچانی شۆخ و شەنگ و کوڕانی جوامێر و مێرخاس و درکاندنی ڕازی دەیان چیرۆک و سەربردە و حەکایەتی ونبووە. خەجو سیامەند، مەمی ئالان، قەڵای دمدم، دوانزەسوارەی مەریوان، شیرین و فەرهاد و...

خواردنی شێوی زۆربەی ئەم جێژنە، یاپراخ و دۆڵمەی گەڵامێو و کەلەم بووە و لە پاڵیدا شەوچەرەی دیوەخان، سفرەیەکی ڕەنگین بە "هەنار، سێو، شووتی، پستە و بادام و توو و گوڵەبەڕۆژە و برێشکە، گەنمی برژاو، مێوژ، هەنجیرە وشکە... کە بە گشتیی هەر کام مانایەکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین کە شووتی و هەنار بە هۆی زۆربوونی دەنکەکانیانەوە نیشانەی بەرەکەت بوونە.

شەوی یەلدا هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی وەرزی خەزان، وەرزی ماڵئاوایی دوایین سەفەری سرووشت بەرەو هەرێمی بەفر و با و بۆران، سەرما و کڕێوە، وەشت و زریان و، بەستەڵەک و سەهۆڵبەندان. بە هزر و بیری زستانە و پشوودرێژییەوە و بە وردبوونەوە و تێڕامان لەو وتەیەی کە بەهار هەر لە ڕێدایە و دێتەوە!! هیوا بە داهاتوو،بەردەوامیی و نەدۆڕاندنی ئیرادە، ژیاندۆستیی و مرۆڤدۆستی، لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی وەرزی زستانن. بۆیە پێویستە بە چاوکراوەیی و بەرچاوڕوونییەوە لە ئاسۆ بڕوانین هەتا زانست و ماریفەت بکەینە هەگبەی داهاتوومان و ئاگردانی زستانی کوردەواریی پێ گەرم و بەتین ڕابگرین. وەک پێشتریش ئیشارەتی پێدرا، شەوی یەلدا کە دەکەوێتە دوا شەوی وەرزی خەزان و سەرەتای وەرزی زستان واتە ٣٠ی سەرماوەز یان ٢١ - ١٢ی ساڵ(هەندێک جار ئەملا و لای دەبێت)، درێژترین شەوی ساڵە کە تاریکی ئەو شەوە لە

چوارده کاژێر تێپەڕ دەبێت. لە ئایینی زەردەشتدا بە شەوێکی پیرۆز داندراوە؛ پیرۆزیی ئەمشەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی کە مرۆڤ هیچ پەناگەیەکی نەبووە، ئەشکەوت و کەورگ نەبێت و هۆکارێکی خۆ گەرمکردنەوەیشی دەبێت تا خۆی لە سەرما و سۆڵەی زستان بپارێزێت.

جەژنی زایین یان شەوی زایین کە بە یەڵدا(هەمان یەلدا) ناسراوە، جەژنی لەدایکبوونی "مەهاباد"ی باپیری کوردانە. مەهاباد، یەکەم پەیامهێنەری سەر رووی زەمینە و دامەزرێنەری ئایینی میترایيە کە بە مێهر یان ڤارونەش ناسراوە. میترایی (میترایزم)، یەکەم ئایینە کە بە هەزاران ساڵ پێش ئێستا ڕێگای ژیانی مرۆڤایەتی ڕۆشن کردۆتەوە، بەڵگە نوێیەکانی پەرستگەی گیرێ ناڤۆکێ (گۆپکلی تەپە)لە ڕۆژهەلاتی شاری "ڕۆها" کە بە شاری پێغەمبەران ناسراوە (ئۆرفای ئێستا)لە باکووری کوردستان، لە ڕاستیی و نهێنیی سەرەتای سەرهەڵدانی ئایین، نزیکمان دەخاتەوە. لە ڕاستیدا ئایینی میترا کە زۆربەی جیهان بە خودی کوردیشەوە بە چەوتی، بە ڕۆژپەرستی ناسیویەتی، واتە خودای ئەڤین و پەیمان، خودای ڕۆژ و ڕووناکی و خوای پارێزەری گەردوون و چارەنووس. جەژنی زایین، پیرۆزکردنی درێژبوونەوەی ڕۆژ و ڕووناکییە کە پێغەمبەر،"مەهاباد"ی مەزن بۆ یەکەمجار بۆ مرۆڤایەتی ڕوون کردۆتەوە. لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا، ئەم بۆنەیە بووە بە جەژنێکی نەریتیی و بەشێکی گرنگی فەرهەنگی کوردی کە بە داگیرساندنی ڕووناکی و ڕازاندنەوەی درەختی سنۆبەر و سینیی خواردنی تایبەت، یاد دەکرێتەوە، پیاوێکی بە ڕوخسار پیریش بە کلاوێکی قووچەوە و کەوای سووری میترایی و پشتێنێکەوە، تورەیەک بەشانەوە، خواردن کۆ دەکاتەوە و پاشان بەسەر هەژاران یان هەمووانـدا بەشی دەکات. کاتێک کە بەدکاران خەریکن ئایینەکە ناشیرین بکەن، زەردەشتی مەزن چاکسازی تێدا دەکات و ئایینی مەزدایی، زەردەشتی (مەزدایزم) جێی میترا دەگرێتەوە. میترایی و مەزدایی لە ڕێی گریک و ڕۆمەوە بە ڕۆژئاوا و، لە ڕێی هیندستانیشەوە بە ڕۆژهەلاتی جیهاندا بڵاو دەبێتەوە، واتە نەریتی جەژنی زایین بە جیهان دەگات. لەگەڵ لە دایکبوونی هیندویی و بۆدیی (هیندویزم و بۆدیزم) لە میترایی، ئەم جەژن و یادکردنەوەیە تا ئەمڕۆیش هەر بە گەشەکراوی دەمێنێتەوە و پاش لەدایکبوونی عیسای مەزن کە بە پێی بۆچوونی نووسەرانی گریک و جوو بەر ڕۆژانی جەژنی زایین کەوتووە، لە ڕێی ڕۆمەوە کە لە پێشدا میترایی دەبن، دوای بوونیان بە کریستیان (مەسیحی)یش، هەموو نەریتەکە بۆ ئەورووپا و پاشانیش زۆربەی جیهان دەگوێزنەوە. جێی پرسیاریشە کە بۆچی سێ پیری مۆگان(موغان) کە لە ئینجیلدا بە سێ پیاوە زاناکە ناسراون، لە خاکی مادەوە بۆ پێشوازی لەدایکبوونی عیسای مەزن ئامادە دەبن.

یەڵدا لە بنەڕەتدا بە کوردی واتە زایین، ئارامییەکان وشەی زایین دەگۆڕن بە یەڵدا، یادکردنەوەی ئەم کاتە کە لە ٢٠ی مانگی دوانزەوە دەست پێ دەکات و بە پێی ناوچەی جوگرافی تا چەند ڕۆژێکی بەدواوە درێژەی هەیە، بۆیە لە کوردستان و



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژئاواوە تا ڕووسیا و چین، لە ڕۆژهەڵات جەژنی زایین یان لە هەندێک شوێن جەژنی سەری ساڵ بە چەند ڕۆژێک جیاواز یاد دەکرێتەوە.

## یەلدا و ئەدەبی کوردی



شەوی یەلدا وەک جێژنەکانی دیکەی ئاریی ڕەگەزەکان کە کوردیش سەرچڵیانە، نەورۆز، چوارشەممەسووری و... نەریتێکی کۆنە و لە ناو کولتوور و ئەدەبی کوردییشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە هەمیشە شەوی یەلدا لە ئەدەبی گەلانی دراوسێ و تەنانەت کوردیش بە "زوڵفی یار" شوبهێندراوە و بە واتای ئەوەی کە زوڵفی یار وەک شەوی یەلدا، ڕەش و قەترانیی و درێژە."عەبباس حەقیقی" لە شێعری "ئافەتی دین" دا دەڵێت:

چاوت ئەر نێرگسی شەهلا نییە، بۆ هێندە خومار
پەرچەمت گەر شەوی یەلدا نییە، بۆ هێندە ڕەشە؟

یەلدا،لە شێعری کلاسیک و هاوچەرخی کوردییدا ئامادەبوونێکی تایبەتی هەیە و هەر هۆزان و شاعیرێک، لە گۆشە نیگایەکەوە سەیری دەکات. کەم نین ژماری ئەو هۆزان و شاعیرانەی یادی یەلدایان کردۆتەوە و دەیان چەپکە هەڵبەستی یەلداییيان بە تۆرەی کوردی بەخشیوە. دیارە ڕۆچوونی ورد و قووڵتر بە ناخی ئەم پرسەدا بۆ خۆی تەوەری توێژینەوەیەکە و ئەرک و ماندووبوونی تایبەتی دەوێت؛ بۆیە پتر لەسەری ناچم. من لێرەدا بە گوێرەی بەرهەم و سەرچاوەی وەردەست، ژمارەیەک شێعری یەلدایی دەخەمە بەر دیدەی خوێنەری کورد و هیواخوازم کەسانی دی ئەم پرسە بکەنە مژاری نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕتر لەم پێوەندییەدا.

-----

## شەوی یەلدا

### نالی

شەوی یەلدایە، یا دەیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ، بێ نوورە ئەمشەو؟!
دڵم وەک حاکمی مەعزوولە، قوربان
خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە، ئەمشەو
دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە، بۆیە
لە من وەحشیی و ڕەمیدە و دوورە، ئەمشەو
کە تۆی شای کەچ کولاهی دیدە مەستان
چ باکم قەیسەر و فەغفوورە، ئەمشەو؟!
لە خەو هەڵساوە، یا ئاڵۆزە چاوت؟
هەمیشە وایە،یا مەخموورە، ئەمشەو؟
سرووشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ
جێگەم،سەر دارەکەی مەنسوورە،ئەمشەو
موسوڵمانان دەپرسن حاڵی نالیی
لە کونجی بێکەسیی مەهجوورە، ئەمشەو

-----

**مەحوی**:

برا، فکری چرا!کیبریتی فرسەت تا لە دەستایە
شەوی یەلدا لە پێشە، ڕۆژی عومرت وەختە ئاوابێ

-----

**وەفایی**:

**کە دەگریم بۆ جەمالی تۆ،دیارە ئەشک و ئاهی من**
**لە خورشیدی دەداتن دەم ستارەی شامی یەلداکەم**

-----

**هێمن**:

**موغی بێ ئاگری شەوی یەلدام**
**چاوەڕێی چارەنووسی نەپەیدام**

------

**سەید کامیل ئیمامی(ئاوات)**:

**بە یادی شەمعی ڕوخسارێکی،دڵ ئیحیا نەکەم، چبکەم؟**
**بە شەوقێکی وەها چاری شەوی یەڵدا نەکەم،چبکەم؟**

**(شێعری "چبکەم؟")**

-----

**ڕەفیق سابیر**:

**شەوی یەڵدا**

**شەوی یەلدایە، یا دەیجوورە ئەمشەو**
**کە دیدەم دوور لە تۆ،بێ نوورە ئەمشەو**

**نالی**

-----

## شەوی یەڵدا، شەوی ئەشق و چاوەڕوانی

شەوی شیعر
شەوی ڕامان
شەوی سەردارەکەی ڕۆح و
شەوی دەرکەوتنی جوانی.
ئەگەر ئێستا لەم شەوەدا
گوڵەباخەکەی شار لێرە بووایە
من دەبوومەوە بە منداڵ
شەڕەئاو و چاوشارکێم لەگەڵ دەکرد
دەمەو ئێواران لە پێچی کۆڵاندا
هەتا "ئاوی پێم دادەهات" بۆی دەوەستام
بە نیازی ئێوارەباشێک
بە هیوای ماچێک دەوەستام و دەوەستام
بە دەم ترس و دڵەخورپێ و لەرزینەوە
لەبەردەمیدا لاڵ دەبووم
دەشڵەژام و
بێدەنگانە دادەگیرسام.
ئەگەر ئێستا
سەرداری دڵە شەیداکەم لێرە بووایە
من ئەمشەو خۆم بە میری ئاشقان دەزانی
ژیانی خۆم وەک چەپکەگوڵ
دەخستە ناو دەستەکانی
تا بەیانی ماچباران و
شیعربارانم دەکرد و
سەد جار دەبووم بە قوربانی.
ئەگەر ئەمشەو

چاوجوانی شار لێرە بووایە

من زۆربای کوردستانی بووم

ئاشقێکی هەمیشەیی و

ڕێبواری ڕێگای جوانی بووم.

ئەگەر ئێستا

شاجوانەکەی شەوی یەڵدا لێرە بووایە

من دەمتوانی بەرگە بگرم؛

بەرگەی تەنیایی و نامۆبوون

تەنانەت بەرگەی مردنیش بگرم

هەتا ماوم

دڵ پڕ هیوا گۆرانی ئاشقانە بچڕم.

من دەمتوانی لە شەوێکدا

ژیان، گوڵئاسا بچێنم

بێ باک،بێ خەم

دیدە پڕ نوور

لە تاریکیدا ببینم.

ئەگەر ئێستا

لە شەوی شیعر و ڕامان و جوانیدا

سەرداری ڕۆحە تەنیاکەم لێرە بووایە

ترسی شێتبوون

ترسی ونبوون و ئاوابوون

هەراسانیان نەدەکردم؛

ونبوون چییە!

سەرداری دڵە شەیداکەم ونبوون چییە!

من لە ناو تۆدا ون دەبم

شێتبوون یان ئاوابوون چییە!

من لە خۆشیی تۆ شێت دەبم
ئاوێتەی ئەشقی تۆ دەبم.
خۆزگە ئێستا
سەرداری دڵە شەیداکەم
سەرداری ڕۆحە تەنیاکەم لێرە بووایە
خۆزگە ئێستا لێرە بووایە...

-----

"پێنج خشتەکی، تەواوی قەسیدە مەزنەکەی نالی... تەنیا گەمەیەکە و کردم.. ناچێتە ناو ئەرشیڤەوە.. ئیشێکی ساتە وەختییە و زوو بەسەر دەچێت.."

-----

**قوبادی جەلیزادە**:

**یەڵدا**

که دەستی تۆ بە خوێنم سوورە ئەمشەو
کە کۆشکی دڵ تەواو خاپوورە ئەمشەو
کە فرمێسکم خوڕەی "خابوورە" ئەمشەو
"شەوی یەلدایە یا دەیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ، بێ نوورە ئەمشەو؟!"
لە لای خەڵکی هەموو مەجهوولە قوربان
کە ڕۆحمی من لە ئاگر فوولە قوربان
لە شێوەی چۆلەکەی مەقتوولە قوربان
"دڵم وەک حاکمی مەعزوولە، قوربان
خەلاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە، ئەمشەو"
وەکوو ئەیوب دەمی زامم بەسۆیە
لە سینەمدا سەدای هاوار و ڕۆیە

هەڵۆی عەشقم زەلیلی دەستی تۆیە

"دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە،بۆیە

لە من وەحشیی و ڕەمیدە و دوورە، ئەمشەو"

فیراقت هاتووە، ڕۆحم بکێشێ

پەلی گرتووم وەکوو شێت ڕامدەکێشێ

وەرە فریادڕەسم بە، بێرە پێشێ

"سرووشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ

جێگەم، سەردارەکەی مەنسوورە، ئەمشەو"

لە ئاستی ڕووت دەوەستم دەستەوەستان

دەوا و دەرمانی دەرد و زەخمی خەستان

وەرە با بتخەمە سەرچاو و دەستان

"کە تۆی شای کەچ کولاهی دیدە مەستان

چ باکم قەیسەر و فەغفوورە، ئەمشەو؟!"

ئەسیرم من لە تاڵی بسکی خاوت

دەنۆشم بادەیی ژەهر و زووخات

لەسەر زارم ئەبەد گوم نابێ ناوت

"لەخەو هەڵساوە یا ئاڵۆزە، چاوت

هەمیشە وایە، یا مەخموورە، ئەمشەو"

بەسەر چوو گشت، هەموو عومرم بە تاڵی

بە ڕاکردن بەشوێن دوو چاوی کاڵی

لە خوێن سوور بوو دڵم وەک لێوی ئاڵی

"موسوڵمانان دەپرسن حاڵی نالی

لە کونجی بێکەسیی مەهجوورە، ئەمشەو"

-----



سەرچاوە
Serchawe

**خابوور: ڕووباری خابوور**

**شەوی یەلدا**

**شەیدا**

ئەمشەو شەوی یەلدایە سەبا فرسەتە، ئەمشەو
ماڵی دڵەکەم پڕ خەم و بێ تاقەتە، ئەمشەو
ئەییامی گوڵ و غونچە ئەوا ڕۆیی، بەسەر چوو
گوڵزاری چەمەن پاکی تەم و ئافەتە، ئەمشەو
شەوقی شەمی سەر تاقی حەرەمخانەیی یارم
خامۆشە، بە بێ جۆشە، دەمی میحنەتە،ئەمشەو
هەر جۆش و خرۆشێ کە لە نێو ماڵ و دڵا بوو
مات و کپ و بێدەنگە، چ پڕ حیرەتە، ئەمشەو
قوربانە سەبا دەستی من و دامەنی چاکت
دڵ، مونتەزیری لوتفی گوڵ و ئولفەتە، ئەمشەو
زوو هەستە، بڕۆ وەختی سەحەر بۆ حەرەمی گوڵ
چون، وادەیی میهر و کەرەم و غیرەتە، ئەمشەو
عەرزی کە، بڵێ، بولبولی دڵ زار و حەزینە
موشتاقی ویساڵی چەمەن و شێوەتە، ئەمشەو
هەر بۆیە لە دووریی مەهی ڕووت، ڕەنگی نەماوە
جەرگی بە سەری تیری موژەت لەت لەتە، ئەمشەو
پەژموردەیە حاڵی دڵی وێرانە بە تەنها
هەمڕەنگی خەیاڵی خەفەت و عیبرەتە، ئەمشەو
بۆ داخی دڵی ئەهلی غەم و میحنەتی، ساقی
سەد داخی گرانم کە چ بێ مروەتە، ئەمشەو
دڵخۆشە ڕەقیب، چون ئەوە بۆ داخی دڵی من

خاوەن عەلەم و شان و شکۆ و شەوکەتە، ئەمشەو

هەر عاشقی "شەیدا"یە بەشی گریە و شینە

-----

**جەمال شارباژێڕی**:

شەوی یەلدا

شەوی یەلدایە

هەر خۆم دەزانم جێم

لە ناخی هەست و دڵدایە

شەوی یەلدایە

بەختەکەم، ئەمشەو

وەکوو دوێشەو لە کل دایە

شەوی یەلدایە

تەنیاییم بە خامۆشی لەگەڵدایە

چی دەبوو ئەمشەو

لەگەڵ ڕوخساری جوانێکدا

شەرابی ئەلەم هەڵدایە

شەوی یەلدایە

چی دەبوو ئێستا

شەق و سیخورمەیەکم لەو

خەم و ئازارە هەڵدایە.

-----

**محەممەد فاتیح محەممەدی(ف.نامۆ):**

**یەلدای شاعیر**

**کە دێت و دەردەخا ئەو زولف و پەرچەم**
**شەوی یەلدا ئەدا ئالا لە دیدەم**
**بزەی مزری هەناری لێوی ئاڵی**
**ئەزێتە نێو دەم و لێوم،دەمادەم**
**دەکا چاوی گەشی هەستێرەباران**
**هەموو سووچ و کەلێنی ڕۆحی خەستەم**
**ئەدا پێی پاڵەپەستوو، شەوق و شادی**
**بەجێدێڵێ هەرێمی دڵ، کزەی غەم**
**چ خۆشە ئەو شەوی یەلدایە هەر شەو**
**بە دیداری دەکا بۆ من فەراهەم**
**چ ئاتاجم بە یەلدای ساڵەکاتی**
**کە یەلدای بسکی ئەو، ڕوو کاتە هۆدەم**
**هەناری لێوی ئاڵ و چاوی مەستی**
**بگۆڕن دەمبەدەم، حاڵ و هەواکەم**
**بکەن یەلدایەکی شاهانە بەرپا**
**بدەن بۆن و بەرامەی ئەو، لە ئێخەم**
**لە خۆڕایی نییە بەو یارە "فاتێح"**
**ئەمەکدار و وەفادارم، هەتا هەم**

------

**محەممەدفاتێح محەممەدی**(ف.نامۆ):

**یەلدا**

**شەوی یەلدا کە زولفانت وەکوو تاف**
**بەسەر شانی سپیتا هاتە خوارێ**
**ئەوەندە مەحوی تۆ بوو، دیدە ئەنگووت**
**شەوی یەلدا لە چاوم دا، دەبارێ**

------

**ناسر حیسامی**:

**شەوی یەلدا، لە ماڵی من خزاوە**
**کە تاریکی و هەنار و گڕ لە ناوە**
**گڕ و کڵپەی ستەم بەربۆتە ماڵم**
**لەسەر خاکم هەناری دڵ پڕاوە.**

----

**سەعدوڵڵا پەرۆش**:

**ببوورە**

**ڕوانینێک قووڵتر لە دەریا..**
**خەونێک شینتر لە ئاسمان**
**شیعرێک جوانتر لە عیشق؛**
**دیدارێک پیرۆزتر لە نوێژ**

**بۆ تۆ؛**

خەمێک قووڵتر لە دەریا

خەونێک دوورتر لە ئاسمان؛

شیعرێک تاریکتر لە دەیجوور

دابڕانێک درێژتر لە شەوی یەڵدا

بۆ من؛؛

------

**ڕەحیم لوقمانی**:

شەوی یەڵدایە، ڕۆژی کورد دەبێ چاوانی هەڵبێنێ

تەمی دێرینی خۆخۆریی، لەسەر خاکم بتارێنێ

نەبینم چاوی ئاسۆمان، نمەی بارانی سوور بگرێ

هەتاوی عیشق و ئازادیی، دەبێ ئاڵام بڕەنگێنێ

------

**محەممەد پاکژ**:

یەڵدا

خەڵکی دەڵێن...

شەوی یەڵدا زۆر درێژە..

وەکوو تەمەنی ساڵ وایە ،نابڕێتەوە.

بەڵام لای من...

شەوی یەڵدا، وەکوو ئەستێرەی گەلاوێژ،

چرای ئەفسوونی شەوانی بێدارییمە و..

دڵم پێی گەش دەبێتەوە.

شەوی یەڵدا...

چەنێ تاریک و نوتەک بێ،
ئەستێرەیەک ڕێبەرمانە..
ناومان ناوە چرای ئەوین.
بۆیە ئیدی...
من و هەناسەکەی سینەم،
هەتا مردن قەرزداری..
شەوی یەڵدا و چرای ئەوین.

-----

**ئەمین گەردیگلانی**:

دەردی تەنیایی بە شەودا دەس لە دڵ ناکاتەوە
کەی بەیانی دێ،دڵم، دەستی لە خەم بشواتەوە
شەو ئەگەر یەڵدا نییە، ئەی بۆچی وا تووولانییە؟
تۆ بڵێی کەنگێ سەما سەفحەی ڕەشی هەڵداتەوە؟

-----

**ساڵح بێچار**:

شەوی یەڵدا

وتت گیانە:
شەوی یەڵدا چەند تاریک بێت،
کەی دەگاتە پەرچەمی من؟
وتم ڕاستە؛
شەوی یەڵدا چەند درێژ بێت
ناگاتە باڵای خەمی من!

**پشکۆ نەجمەدین**:

**یەڵدا**

**شەوی یەڵدایە،**
**بوو، دەبێ.**
**شەو هەرچی بێ،**
**بێ نیگای تۆ،**
**عیشق نابینا و**
**نەزۆک و**
**نە تۆ، نە من،**
**نە هیچ شتێک، لەدایک دەبێ!**

**-----**

**بەشێکی شێعری: شەوی عیشقە؛ شەوی یەڵدا!**

**ساڵح بێچار**:

**شەوی یەڵدا خەڵوەتی دڵ لە سەد جێ مۆم پێ دەبێ**
**لەو شەوگارەی ئەویندا هێلانەی عیشق چێ دەبێ!**
**دڵ هەناره، شەوی یەڵدا دڵ پڕ لە دەنکە مرواریی**
**وەک ملوانکە بۆ گەردنی ئەوینێکی یەکجاریی!**

**-----**

**شەوە، چلەیە و میوانێکی باڵابەرز**
**قژی درێژ،لەسەر شانی ،هەتا عەرز**

چاوەکانی شێعرم، زوڵفی پەخشانە
ئەم کیژۆڵە، یەکەم شەوی زستانە
عەبدولرەحمان فەهیمی(دەروێش)

-----

**محەممەد پاکژ**:

**یەڵدا**

لەگەڵ یەڵدا بەراوردی مەکە خەمی من
لەگەڵ دەیجوور بەراوردی مەکە بەختی من
هەتا لەگەڵ ژیان ڕادێم، ڕاوم دەکات مردن
وەکوو پەروانە سووتاوە لە دەوری شەم، دڵی من
لە ئەستێرەی شەوم پرسی کە ئەو نازدارە بۆ چوو؟
وتی، بەم شەوی یەڵدایە لە چاوەڕوانی تۆ چوو
لەگەڵ مانگی خەیاڵا چاوی چاوەڕوانیم ڕۆیی
لەسەر کڵی چاوەڕوانی سووتاوم و دڵ لەخۆ چوو
وتم، بێ باکە لە سووتانم دڵی ئەو نازدارە ئێستا
وتی، یەڵدایە درێژە شەوی سووتانت ئەمێستا
لە نێوانی دڵی بەردی یار و سووتانی من، خۆ
ئەوەی گیانی منە، دەرچوو لە دەستی بیر و هەستا.

-----

**پشکۆ یاسینی**:

شەوی یەڵدایە هەر من دوور لە تۆ مام
لەگەڵ ئازار، تەواو باڵا بە باڵام

لەسەر سینەت هەنار و کۆخ و سێون
وەرە جێژنە و ببینە لام ئەلف لام!

-----

**سیمین چایچی**:

ئەمشەو لە هیچ شەوێ ناکا
کازیوە قەت بە ڕۆژ ناگا
کەس میوانی "یەلدا"م نییە
هیچ دەستێ لە دەرکە نادا

(بەشێک لە شێعری "یەلدا")

-----

**سۆران حوسێنی**:

یەلدا

بۆ سوور و ساتی خۆی
هەناری کردە قوربانی
ئەو
بە هەزار و یەک دەنک
شەو دەخافتێنێ بە خۆی و
ڕێ خۆش ئەکا بۆ بەیانی!.

-----



سەرچاوە
Serchawe

**حەسەن نازدار:**

**یەڵدا**

**١**

**شەوی کورد**
**درێژترین یەڵدای**
**دونیایە......**
**کە هەرگیز خۆری**
**لێ هەڵنایە.**

**٢**

**یەڵدا**
**خەمی بێ کۆتایی کوردە**
**لەو ڕۆژەوەی کە لێرە**
**چادری بێکەسی هەڵدا.**

**٣**

**یەڵدا**
**چاوەڕوانیی ئەنفال و**
**بێ بەختیی کورد و**
**تەنیایی خودایە**
**کە هەرگیز کۆتاییان نایە.**

**-----**



سەرچاوە
Serchawe

**کەریم حیکمەتی:**

یەڵدا

لە مانگێک دەگەڕا ناخم
تریفەی کە زەوی تەڕ کا و
بژاکێنێ بێ تاقەتیم
لە ڕووبارێک،
خوڕەی کە تەنیاییم تووڕ دا و
لیپاولیپی شەپۆلم کا
لە تۆیەک دەگەڕا دڵم،
کە هێمی مانگ و ڕووباری و
دەسپێکی وەرزێکی سپی...

-----

**ئازاد سەیید ئیبراهیمی(هۆگر)**

یەلدا

چلەیە و بێژە چلۆن ئەو شەوە تەی بێ، گوڵەکەم؟
مەگەر ئەم بێکەسییەم چارە بە مەی بێ، گوڵەکەم
لە منا تاری ژیان، تان و تەلی تازە چڕا
خەفەتم چاری بە نۆتی گرِی نەی بێ، گوڵەکەم
بە هەنیی لێو و دەمت، شەوچەرە شیرینە، وەلێ
لە پەنا سێو و هەڵووچە و بەری بەی بێ، گوڵەکەم
نە بەرەو تەشقی شەووەق من دەچم، ئەر بێت دەسم

ئەگرێ پرچی شەوت، مەیکە بە عەیبێ، گوڵەکەم
لە شەوی بێفەڕی ئەم ژینە کە یەلدایە هەموو
سەحەری ئەو گەلە چەوساوەیە کەی بێ، گوڵەکەم؟

-----

هەتاوم گەرچی شەو ساتی چلە و یەلدایە، ئەمشەو
لە لێواری دڵم چی بوو سەری هەڵدایە،ئەمشەو
کە دێ با،وەرزی پاشایی سەهۆڵ و بەستەڵەک بێ
وەکوو نەورۆزە ئاواتم لە باخەڵدایە،ئەمشەو

-----

**ستار ئەحمەد**:

شەوی یەڵدا

بە عومری وەک شەوی یەڵدا
بە تاریکیی قەدەر کوێرم
بە بادەی عەدەم سەرمەستم
دێوانەی لووتکە و هەڵدێرم
چوون ڕزاوم لەگەڵ شیعرا
شەو گیانی خۆم لەکۆش دەنێ
لەگەڵ چوونی ساتی عەشقا
خەم، گۆڕم بۆ هەڵدەکەنێ
لە هۆرەی ڕۆژگاری تاڵ و
لە بەدبەختیی عومری ڕەهام
ڕۆحم لە جەستەما دەمرێت

کاسەی مەرگی شەوی یەڵدام

چنوور نامیق:

خۆرێک لە پاڵ شەوی یەڵدا
بە دیار کوانووی شەوی یەڵداوە دانیشتووم
مێژوویەک شەوگاری تەنیا ئەسووتێنم
هەناسەی ئۆغرێکی دوور لە دەروونما دێت و دەچێ
نەزەر ناکەم و تەماشات ئەخۆمەوە
وا لێوم شەکرە خەم ئەگرێ
ئێرەیی بە نۆتەکانی خەیاڵبوونم
ئەوەندەی تر نامۆت ئەکا...
ئەی ئادەم
من کچی خۆرم
وریا بە
نەبا تەماشات لە خەمی چاوما داگیرسێ
ناڵەم ئاوەدانی قەقنەس ئەسووتێنێ
ئاگەدار بە پەنجەت بە پرچم گڕ نەگرێ
دڵنیا بە
بە ماچێکی زەوتکراوم
خەیاڵ نابی
ئێرەیی بە نووری چاوم
بینینت ڕۆشنتر ناکا
ئێستاکە من زۆر ئازادم
وریا بە ئاشنای ئازیزم
چرپەکانت وەک نزای مۆمێکی لەرۆزک
لە ناخمدا لە بیر نەچێ!



سەرچاوە
Serchawe

ئێستا من دڵم ئازادە

خاڵییە لە خەونەکانت

وریا بە ئاشنای ئازیزم

وڵاتێکم، ئاڵام ناوێ

ئاگردانی یەڵدایەکی بێ حیکایەتی پیاوانم...

ئێستا، تاراوگەم لە مەنفا

ئێستا، مەنفام لە تاراوگە

حەزەر ناکەم و ڕێ ئەبڕم

نەزەر ناکەم و تەماشات ئەمخواتەوە

ئێستا خاڵیتر دەبێژم

نا،هیچ ئاڵایەکم ناوێ

ڕێ نادەمە هیچ ئیمپراتۆرێکی تینوو

بۆ ساتێ بمکاتە پەنا!

ئاشنای هەناسە و دیدەنیم

من ئێستاکە کچی خۆرم

وریا بە، وریا بە

پەنجەت بە تاڵەکانی پرچمەوە دانەگیرسێ!!

-----

**ساڵەح هەلاج**:

...شەوی یەڵدا...

ئەمشەو ئاسمان

تارای سپی داوە بەسەر بووکی زەوی.

بوون پڕ دەکات

لە شەوچەرەی هەنارەکان.

گوێی مەست دەکات

لە ئاوازی ترپەی باران.

ئەمشەو یەڵدا

میوانێکی باڵابەرزە

بۆی هاڵاوی ئاگردانە و

سۆز و بەزەی خواوەندە.

شەونشینی نوێژی عەشقە

لە تام و بۆی ڕەزازەکان...

----

**مستەفا هوشیار**:

زستان،

ئاخری ڕۆژێک باز دەدەم بەسەرتدا

یەلدای چاوەڕوانی

ماندووم ناکات.

-----

**بۆتان لەتیف ماویلی**:

شـەوی یەڵدایە؛ (لاڤـا)م لا مەکـە

ئەم شەو

پاییز دەستی ئەخاتە ناو دەستی زستان

ئەوە یەکەمین شەوی دیدارە وا درێژە !؟..

ئەوە یەکەم پشکوتنی گوڵی زارە وا درێژە!..

ئەوە یەکەم تێکەڵبوونە وا درێژە ؟!..

**پاییز:**

ئەوە لەدایکبوونی تۆ و مەرگی منە!

ئا لەو شەوە

من چاوی مانگیم لێک ئەنێم!..

ئاسمان بە فیستانێکی ڕەش

دڵی بۆ خاک ئەکاتەوە و ڕۆندک ئەڕێژێ!..

ئەم شەو تاریکی لێک دەکشێت

هەموو ڕەنگێک ئەخواتەوە و

شەوی دەیجووری گەردوونە وا درێژە!..

ئەمە شەوی هەڵوەرینی تریفەی چاوی هەیڤیمە!..

ئەمە شەوی زانی تۆیە

ئەمە شەوی دامانی هەموو ڕەنگێکە!..

ئەمە شەوێکی هێدمایی زایەڵەی زار و پەیڤیمە!..

وەرە ئەی گوڵ

بە چاوی ئاڵۆز ببینە

ئەڕژێ سۆزم ،ئەڕژێ چێژم!..

ئەمە شەوی ژانی گەردوون

ژانی هاواری وجوودە کە ئەڵێ چرا ئەنێژم!..

**زستان:**

ئەمە شەوی گریانی تۆ و بزەی منە!..

ئەمە شەوی یەکەمین تەوقەی ژوانە!..

ئەمە شەوی ئامێزی بەیەک سپاردن

ڕەنگی ڕەشی چاوی منە ئەی پاییزێ!..

**لە دڵی تۆ هەڵی دێنم ئەی گەشکەی پەروانە!..**

**پاییز:**

**نابێ یار بە بێ تۆ نابێ!..**

**شەوی یەڵدا بێ چرا بێ!؟..**

**ئاشقی تۆم خودایە دڵم سارد،نابێ!..**

**نابێ گوڵ نابێ**

**بە بێ تۆ شەو شکاوی واگاهاتنە**

**هەر چی دەبێژم دڵم سارد، نابێ!..**

**شەوی یەڵدایە ئەی یار**

**وەک نالی دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە!..**

**دڵم مەعزوول، مایل بە دیدەی تۆیە**

**لە غوربەتدا تێنی و مەهجوورە!..**

**نابێ مانگ نابێ**

**شەو بێزارە لە دەیجووری**

**شەوی یەڵدایە**

**نابێ گوڵێ ڕژدی نابێ!..**

**لە (لاڤا)م لا مەکە**

**گێنگڵە بەسە گوڵم دڵساردی نابێ!..**

**خودایە..**

**شەوە درێژ ڕاکشاوە لە بێدەنگی!..**

**چەمانەوە و کڕنۆش**

**حاملاندنی گوڵ و دادانەوەی ڕۆشنایی!..**

**فەرهەنگۆک:**

لاڤا: ڕجا

گێنگڵە: هاتوچۆی بێ سوود.

حاملاندن: تەربیەتدان.

دادانەوە: داباڕین

-----

**هەردی محەممەد:**

بۆیە من لە شەو بێزارم

چونکە تۆم تێدا لە دەست دا

جا چی لە بەختی شوومم کەم

شەوگارەکان

درێژن وەک شەوی یەڵدا.

-----

**هۆمەر نۆریاویی:**

یەلدا

ئەگەر هاتی "یەلدا"وەرە

چیرۆکی دڵ درێژ درێژ

ناخیش پڕ پڕی کەسەرە.

ئەگەر هاتی تەنیا وەرە،

ئەچینەوە سەر گردەکەی پەنا ماڵتان

زەمەن بە دڵ ئەسپێرین و

ئەچینەوە ئەو دەمانەی

عالەم چۆڵ و ئێمەش دوور دوور،

لەم هەموو هات و خەبەرە.

کەچی لە پڕێک

دەنگێ دێت و ڕۆشنایی

شەودرەنگان ئەشڵەقێنێ:

کچێ لە کوێی؟

دە وەرەوە، شەو ڕاشکا،

زوو بە زوو ،دەی

وا سەحەرە.

-----

دەرەنجام:

هەر چۆنێک بێت شەوی چلە(یەڵدا،یەلدا)بە درێژایی مێژووی کورد خاوەنی سەنگ و بەهای خۆ بووە و تا بەمڕۆ هاتووە بەڵام مخابن لەو هەموو تایبەتمەندیی و خەسڵەتە جوانانەی نێو ئەم شەوە، نها، تەنێ یادکردنەوەکەی بە شێوەی چاولێگەری بۆ ئێمە ماوەتەوە و دابونەریت و ڕۆح و سۆز و خۆشەویستییەکەی جارانی لەبەر داکەندراوە. ڕەنگە لێرە و لەوێ هەبێت دەڤەرێک، گوندێک یان خێزانێک، هێشتا لێوانلێو لەو پرسە جەوهەرییانەی نێو شەوی چلە بێت بەڵام بە دڵنیاییەوە بەشی فرەی ئەوەی ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و... دەخرێتە بەر دیدە، زێتر وێنە و دیمەنی بێ ڕۆحی ئەو شەوەیە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە دەروونییەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە کە ئومێدە تا دێت مرۆ فرەتر ئاوڕ لەو پرسانە بداتەوە کە گەشە و نەشە بە گیان و ڕۆحی دەبەخشن.

-----

**سەرنجێک:** بۆ وتن دەشێت بەشێکی ئەم بابەتە لە ژمارە ٢٦ی بڵاڤۆکی "لووتکە" دا کە لە شاری "سنە"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچێت، چاپ و بڵاو بووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دیسەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# تێڕامانێک لەسەر شەوی یەلدا



**ئەمرۆژانە**

هەروەک زستان لە رێیە، ئایا بەهاریش دێتەوە؟ ئەم وتەیە هەڵگری ئەوەیە بچینە نێو باسێکەوە کە ئێمە ئەمشەو دەمانەوێ بزانین چیە؟ واتە شەوی یەلدا یان شەوی چلەی گەورە. لەلایەکەوە سەرەتای زستان و دەرکەوتنی سەرما...

هەروەک زستان لە رێیە، ئایا بەهاریش دێتەوە؟ ئەم وتەیە هەڵگری ئەوەیە بچینە نێو باسێکەوە کە ئێمە ئەمشەو دەمانەوێ بزانین چیە؟ واتە شەوی یەلدا یان شەوی چلەی گەورە. لەلایەکەوە سەرەتای زستان و دەرکەوتنی سەرما و سۆڵەو بەسەرچوونی وەرزی خەزان و وەرین و ماتەمینی سروشت. لە لایەکی دیکەوە چاوەڕێ بوون بە دیار بەهارەوە، کە ئایا بەهارو گوڵ و عەتری گوڵزار و سەر لە نوێ ژیانەوەی سروشت دێتەوە. لە کاتێکدا مرۆڤ بەدەست تووڕەی و مزاجی سروشتەوە گیرۆدەیە و قۆناخی گەشەکردنی مرۆڤ و کەشف و دۆزینەوەی نهێنییەکانی سروشتە، لەهەمان کاتیشدا مرۆڤ پێوەندی خۆی لەگەڵ ئەم هێزە رامنەکراوەدا لە رێگای پەرستن و ملکەچبوونەوە بووە.

وشەی یەلدا، وشەیەکی سریانییە کە یەکێک لە زمانە کۆنەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. یەلدا یەکێک لەو جێژنانەیە کە رەچەڵەکی لە ئایینی مێهردا هەیە و بە چەشنێک کە زۆر لە لێکۆڵەران و رۆژهەڵاتناسان بە شەوی لە دایکبوونی "میترا"ی ناو دەبەن و پەیڕەوانی میترابیزم، ئەم شەوە بە شەوێکی پیرۆز دادەنێن. بۆیە لەو شەوەدا کۆدەبوونەوە و لە دەوری ئاگر کە سەرچاوەی رووناکی و وزەبەخشە، هەڵدەپەڕین و شاهیی دەگێڕن.

زۆر لە مێژووناسان لەو باوەڕەدان کە بە هۆی نیزیکایەتی و تێکەڵبوونی ئایینی میترابیزم لەگەڵ ئایینی مەسێحدا، شەوی یەلدا بە شەوی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسێح دەزانن.

شەوی یەلدا یان شەوی چلە، درێژترین شەوی ساڵ لە نیوکورەی باکووری زەوییە. بە هۆی هەڵکەوتەی جوغرافیاییەوە ئەمشەوە هەر لە خۆرئاوا بوونی ٣٠ سەرماوەز تا دەگاتە هەڵاتنی خۆر لە ١ی بەفرانباردا درێژەی هەیە و هاوکاتە لەگەڵ "شۆڕشی زستانی یان گۆڕانی" و بەم هۆیەیە کە ڕۆژ درێژتر دەبێتەوەو تەمەنی شەو کورت دەبێتەوە. ئەم دیاردە سروشتییە لەسەر خەڵکانی کەونار، کاریگەرییەکی قووڵی فەلسەفی داناوە و ئەو شەوەیان بە واتای زاڵبوونی روناکی بەسەر تاریکیدا ناودێر کردووە. پیرۆزی و سەرکەوتنی خۆر و ڕووناکیان بەسەر تارمایی شەو و تاریکیدا جێژن دەگرت هەتا سەرکەوتنی مێهرو تێکشاندنی ئەهریمەن ببینن. ئەم جێژنە لە زۆر نەتەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای بچووک و تەنانەت یونان و... بەڕێوە دەچێت، بەڵام هەرکام بە شێوەیەکی جیاواز و لە ژێر ناوێکی دیکە.

ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە مێژووی شەوی یەلدا لە کوردستاندا بدەینەوەو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم جێژنە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕەچەڵەکی ئایین لە کوردستان و دابو نەریتی کوردەواری لە سەردەمی کەونارادا. وەک دەزانین بونیانەکانی ئایین لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کەوناراو ڕەگی لە مێژووی کورددا داکوتاوە. هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤی کورد و تێکەڵاوبوون بە سروشت و دیاردەکانی و ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤی کورد لەم سەرزەوینەدا ئایینیش وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی مانای بەژیانی خەڵکانی ئەم ناوچەیە بەخشیوە. ژیان حەقیقەتێکە کە بە بێ دۆزینەوەی مانای نیە. مرۆڤی سەردەمی کەوناراش بۆ دۆزینەوەی ئەم حەقیقەتە هەوڵ و تەقەلای خۆیان داوە.

هەروەها دەرکەوتووە کە دانیشتوانی ڕەسەن و کۆنی ناوچەی زاگرۆس، پێش لە هاتنی کۆچبەرە ئارییەکان، هێز و دیاردە سروشتییەکانیان بەلاوە پیرۆز بووە و "خۆر، ئاو و ئاگر و با"یان پەرستش کردووە کە هەنووکەش لە ئایینی ئێزیدییەکان پیرۆزیی خۆیان هەیە. شەوی چلە یان یەلداش هەنووکەش یەکێک لە جێژنە گەورەکانی ئایینی ئێزیدییە و هەموو ساڵێک بەڕێوەی دەبەن. بەهۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی کوردستان و هەڵکەوتی ژێئۆپۆلتیکی، ئایینەکان تەشەنەیان کردووە بۆ ئەم ناوچەیە و فرەئایینی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کوردستان بووە.

لە هەزارەی دووهەمی پێش زاییندا، هاتن و نیشتەجێ بوونی هۆزە کۆچەرە هێندوئەوروپییەکان، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئایین و زمانی دانیشتوانی زاگرۆسدا پێکدەهێنێت. کە پەیدابوون و پەرەسەندنی باوەڕ بە خوا ئارییەکانی "وارونا"،

"ئیندرا" و "میترا" لە ناو نەتەوەکانی زاگرۆسدا، نیشانەیەکە لەو گۆڕانکارییە. زۆری پێناچێ کە "میترا" دەبێتە گرینگترین و گەورەترین خوای ئەو سەردەمە و "میترائیسم" دەبێتە ئایینی فەرمی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و تا ئەورووپاش پەرەدەستێنێ، ئایینی میرائیسم بەتایبەتی لە ناو لەشکەریەکان و هێزە شەڕکەرەکاندا بڵاودەبێتەوە و گەشەدەکا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی ئەم ئایینە کە لە سەر بنەرەتی "مێرخاسی" و "یاسا" و "لەخۆبردوویی" دانرا بوو. ئەم سیفاتە لە کەلامەکانی ئەهلی حەقدا بە وشەی "ڕدا" ڕەنگی داوتەوە و لەم هزرەدا یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانە. سوڵتان سەهاک دەڵێ:

**یاری چوار چێوەن باوەڕی و جا ڕاسی و پاکی و نیسی و ڕدا**

ئایینی میترا یان مێهر، پێش لە سەرهەلدانی زەردەشت لەناو ئارییەکاندا وەک هێزێکی مەعنەوی ڕۆڵی هەبووە، بەتایبەت لە ناو خەڵکی ئاساییدا زۆر خۆشەویست بووە. بەڵام دوای دەرکەوتنی زەردەشت پلە و پایەی میترا تاڕادەیەکی بەرچاو دابەزی و زەردەشت میترای تا ئاستی یەکێک لە خوداکان و فریشتەکانی ئایینەکەی خۆی، نزم کردەوە.نزیکایەتی و وێکچوونو رەنگدانەوەی ئەندێشەی میترایی لە ئایینی "یاری"دا، "ڕاستگۆیی" و پێداگرییە لە سەر "پەیمان"، کە لەم ئایینەدا زۆر گرینگەو ڕێزگرتن و پیرۆزکردنی "هەتاو"ە. هەتاو لە ئایینی میتراییدا سەمبوڵ و هێمای "میترا"یە، لە هزری یارسانیشدا هەتاو مەنزڵگای حەزرەتی "حەق"ە. و دۆزینەوەی دەیان شوێن و ئاسەواری میترایی لە کوردستاندا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە کوردەکان تا سەدەی شەشەمی پێش زایین، لە ئایینی میترا پەیڕەوییان کردووە، بەڵام دوای دەرکەوتنی زەردەشت، نەتەوە ئارییەکان دەچنە سەر ئایینی زەردەشتی و دەست لە میترائیسم هەڵدەگرن.

دین وەکوو سیستمێکی کۆمەڵایەتی هەمیشە تاقە ڕێگایەک بووە بۆ دۆزینەوەی ماناکانی ژیان و لە پەنای دا زانست بۆ دۆزینەوەی‌حەقیقەت. هەوڵی خۆی داوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە مانای ژیان، لە خودی ژیانی مرۆڤ و دەوروبەری دایە. مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووە و هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی ماناکانی سروشتەوەیە.

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان و ئاوڕدانەوە لە ئایینەکان لە کوردستاندا، بۆمان دەردەکەوێ کە "شەوی یەدا" وەکوو جێژنێکی ئایینی لە سەردەمی کۆندا چاو لێکراوە و وەکوو نەریتێکی کەوناراش پارێزراوە و هەنووکەش لە ناو ئایینە جۆراوجۆرەکانداو لە کوردەواریشدا بەڕێوە دەچێت.



سەرچاوە
Serchawe

## شەوی یەلدا لە کوردەواری دا چۆن بەڕێوە دەچێ؟

شەوی یەلدا وەکوو جێژنەکانی دیکەی کوردەواری، نەورۆز، چوارشەمەسووریو... نەریتێکی کۆنە و لە کولتووری ئەدەبیاتی کوردی دا رەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە هەمیشە شەوی یەلدا لە ئەدبیاتی گەلانی دراوسێ و تەنانەت کوردیش بە زوڵفی یار شوبهێنراوە و بە واتای ئەوەی کە زوڵفی یار وەک شەوی یەلدا رەش و قەترانی و درێژە.

لەم شەوەدا بنەماڵە بۆ کۆکردنەوەی خێزانەکەی لە دەوری یەکترو شەوچەرەی نێو دیوەخانیان و بەسەر بردنی چلەی گەورەی ساڵ واتە چلەی زستان دانیشتوون و تا دەمەوبەیان یەکتریان دواندوە و ئەو شەوەیان بە گێڕانەوەی حەکایەت و خوێندنەوەی شێعر و حەیران، لاوک و هۆرە بەسەر بردووە، حەکایەتێک کە باس لە قارەمانەتی و لەخۆبردوویی یان هەندێک جار دڵشکان و نامۆرادی و تراژیک کە ئەوەش لە میتۆلۆژی و ئوستوورەناسیی نەتەوەکەماندا دەتوانێ راڤە بکرێت. کەسایەتی ئەو حەکایەتانە، کچانی شۆخ و شەنگ و کوڕانی جوامێر و مێرخاسو درکاندنی رازی دەیان چیرۆکو حەکایەتی ونبوو. خەجو سیامەن، مەمی ئالان، قەڵای دمدم، دوازدەسوارەی مەریوان، شیرین و فەرهاد و....

خواردنی شێوی زۆربەی ئەم جێژنە، دۆڵمەی گەڵامێو و کەلەم بووە و لە پاڵیدا شەوچرەی دیوەخان سفرەیەکی رەنگین بە "هەنار، سێو، شووتی، پستەو بادام و توو و گوڵەبەڕۆژە و برێشکە، گەنمی برژاو مێوژ، هەنجیرە وشکە... تەنەقولات بە گشتی کە هەرکام مانایەکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە دەتوانین بڵێن کە شووتی و هەنار بە هۆی زۆربوونی دەنکەکانییەوە نیشانەی بەرەکەت بووە.

نەتەوەی ئێمە سەفەرێکی دوور و درێژی ژانگرتنی تیپەڕاندو شەوگارێکی تەنیاییو سەختی بە دیار خەونەکانی خۆیەوە رۆژ کردەوە. شەوی یەلدا هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی وەرزی خەزان، وەرزی ماڵئاوایی دوایین سەفەری سروشت بەرەو هەرێمی بەفرو باو بۆران، سەرماو کرێوە، وەشتو زریانو، بەستەڵەکو سەهۆڵبەندان. تەنیایی خەسڵەتێکی هەرە دیاری ناو مێژووی ئێمەیەو تەنیایی و خۆخواردنەوەو دانبەخۆداگرتنو دواجار گریان، ئەو سیفەتانەن کە هەمیشە گەورەیی ئینسانی ئێمەیان لە هەڵخزان بەرەو هەرێمی رقو ئاژاوەنانەوە رزگار کردووە. قارەمانەتی و نامۆرادی بەشێک بووە لە نەریتی ئێمە. بە بیری زستانی و پشوودرێژییەوە و بە تێڕامان لەو وتەیەی کە بەهار هەر لە رێگایەو دێتەوە!! هیوا بە داهاتوو، بەردەوامیو نەدۆڕاندی ئیرادە، ژیاندۆستیو مرۆڤ دۆستی لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی وەرزی زستانن. بۆیە بە چاوکراوەییو بەرچاو روونییەوە لە ئاسۆ بڕوانین هەتا زانستوماریفەت بکەینە هەگبەی داهاتوومان و ئاگردانی زستانی نەتەوەکەمان گەرم و

بەتین بێت. ئەگەرچی سەرەتایی هەرکارێک شادییە، بەڵام شادیی‌و خۆشی ئێمە زەمەنێکە کە کۆمەڵگاکەمان لێوانلێو بێ لە شادی‌و خۆشی ژیان. هەر بژین‌و تەزووی زستانی دڵتان بە تینی گەرمای خۆشەویستی وەرزی ژیانەوەتان پێ ببەخشێ. و بە هیوای بەهاری ئازادی.

سەرچاوە ماڵپەڕی ئەمڕۆژانە - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## مێژووی شەوی چلە(یەڵدا) - تاریخچەی شب یلدا



**لەتیف سوڵتانی**

شەوی یەڵدا یا(شەوی چلە) مێژوویەکی کۆن و چەند هەزار ساڵەی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ (ئیزەدی میهر)سەردەمی میتراپەرستی کە بەر لە زەردەشت بووە و یەکێکە لەکۆنترین جەژنەکانی کوردان و میللەتانی دیکە و تا ئێستاش ئەو جەژنە بەڕێوە دەچێت، شەوی یەڵدا بە چلەی گەورەش ناودەبرێت، واتە دوایین ڕۆژی پایز کە دەکاتە (30) سەرماوەز، بەدرێژترین شەوی ساڵ دادەنرێت و ناونراوە شەوی یەڵدا و میلەتانیش هەر یەکە و بەشێوەیەک ئەو شەوە بەڕێدەکەن، خواردن و چالاکی و فستیڤاڵو کۆبوونەوەی کەسوکار و هاوڕێیان، لەتایبەتمەندییەکانی ئەو شەوەن و لە کوردستانیش بەهەمان شێوە، شەوەکە بەرز ڕادەگیرێت و چەند چالاکییەک ئەنجامدەدرێن.

### مێژووی شەوی چلە:

دوایین شەوی دوایین مانگی پایز و سەرماوەز، کە بەدرێژترین شەوی ساڵ هەژماردەکرێت، بەشەوی یەڵدا ناسراوە، یەڵدا وشەیەکی (سریانی)یە، بەمانای (لەدایکبوون) دێت، مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میهرپەرستی(میتراییزم)، واتە ڕۆژی لەدایکبوونی خواوەندی میهر،باس لە ئەفسانەیەک دەکرێت لە بارەی شەوی یەڵدا، گوایە مانگ و ڕۆژ، عاشقی یەکتر بوون، بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەی شەوی یەڵدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میترایییەکان، دواتر تێکەڵ بە زەردەشتییەکان بووە و گواستراوەتەوە بۆ ناو مەسیحیی (ڕۆمی)یەکان" و جوولەکە و میللەتانیتر.

ئێرانییەکان لەکۆندا ساڵی (١٢) مانگەیان بەسیمبۆلی جیهانی (١٢) هەزار ساڵە دەزانی، کە دابەش بووە بەسەر چوار وەرزی سێ مانگی سەرەتای دەستپێکردنی ساڵ، کە بریتی بوو لە لەدایکبوونی دووبارەی هەتاو(ڕۆژ)، ئەویش هەمان ڕۆژی یەکەمی زستان و کۆتارۆژی مانگی پایز بووە و بەدرێژترین شەوی ساڵیش دیاری کراوە، کە تەنها چەند چرکە ساتێک لەشەوەکانی دیکە درێژترە.یەڵدا شەوی لە ناوبردنی تاریکی و ئەهریمەن و لە دایک بوونی هەتاوە.

یەڵدا کە مانای لە دایک بوونە، مەبەستیش لێی لەدایکبوونی خۆرە، دوو چلە هەیە لە وەرزەکانی ساڵدا، یەکێکیان چلەی هاوین کە لەمانگی پوشپەڕەوە دەستپێدەکات، ئەویتریشیان لە یەکەم ڕۆژی زستان لەمانگی بەفرانبارەوە دستپێدەکات.

لەناو نەتەوە ئارییەکانی کۆندا، یەکەم شەوی زستان، بەمانای سەرکەوتنی ئاهوورامەزدا بەسەر ئەهریمەندا دێت، بەمانایەکی دیکە سەرکەوتنی خواوەندی چاکەیە بەسەر خواوەندی خراپەدا، واتە سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا".بۆیە لەم شەوەدا کەس نابێ بخەوێ چونکە ئەهریمەن زاڵ و حاکمە و تا بەیانی دەبێ ئەو شەوە بە ڕابواردن بە سەر بدرێت.

هەتاو سیمبۆلی ئێزیدی مەزن (میترا) بووە، کە جیهانی ڕزگارکرد، چونکە هەر ئەو هەتاوە یا خود میترا بوو کە لە یەکەم ڕۆژی مانگی بەفرانباردا، هێزی ئەهریمەنی شەوی تێکشکاند و جیهانی لە ژێر دەسەڵاتی شوومی ئەو شەوە درێژەدا ڕزگارکرد، بۆیە کوردان و ئێرانییەکانی سەردەمی ئایینی میهری، شەوی یەڵدایان بەشەوی لەدایکبوونی میترا ناودەبرد و دەیانکردە جەژن، چونکە خۆر و ڕووناکی بەسەر شەوی تاریکیدا زاڵ دەبێت.

### شەوی یەڵدا لە ڕووی زانستییەوە:

شەوی یەڵدا کە درێژترین شەوە و کورتترین ڕۆژەکەشی کورتترین ڕۆژی ساڵە، لە ڕووی زانستییەوە کاتێک ڕوودەدات، کە خۆر دەکەوێتە دوورترین خاڵی سەر هێڵی نێوەڕاستی گۆی زەوییەوە.

بەگوێرەی ڕۆژژمێری زایینیش، شەوی یەڵدا هەڵگەڕانەوەی زستانە لە نیوەی باکووری زەوی لەنێوان (٢٠ - ٢٣)ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک، لە نیوەکەی باشووریش لەنێوان (٢٠ - ٢٣)ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک ڕوودەدات.

### یادکردنەوەی شەوی یەڵدا:

لەکۆنەوە تا ئێستا لەلایەن کوردەوە یادی ئەو شەوە دەکرێتەوە و لە کۆندا خواردن ئامادە دەکرا و هاوڕێ و خزم و دۆستان لە بەردەم سۆمپای داردا کۆدەبوونەوە و تاکوو بەیانی بەخۆشی و ئاهەنگ گێڕان ڕۆژیان دەکردەوە و تا ئێستا بەشێوازی جیاواز ئەو ئاهەنگ و یاد کردنەوەیە لەشەوی یەڵدادا لەکوردستاندا دەکرێتەوە.

### شەوی یەڵدا لەهونەرو هۆنراوەدا:

شەوی یەڵدا لەناو شاکارە هونەرییەکانو هۆنراوەی شاعیرانی کلاسیکو نوێدا بەکارهێنراوە و تا ئێستا کە یادی شەوی یەڵدا دەکرێتەوە، شەوەکە بەچەندین چالاکی و شیعری جۆرا و جۆر بەڕێدەکرێت.

### خواردنو چالاکی لەشەوی یەڵدادا:

لەشەوی یەڵدادا هەر ناوچەیەک و هەر هۆزێک شێوازی خواردنیان جیاوازە، جوولەکەکان لەو شەوەدا جەژنێکیان هەیە کە بەجەژنی درەخت ناسراوە، مۆم دادەگیرسێنن و دەست بەنزا و پاڕانەوە دەکەن، بەڵام لای کورد ئەو شەوە بەجیاوازتر ناودەبرێت، لە نێو کورددا بەشەوی یەڵدا دەوترێت (شەوی شەو چلەی شەو) کە کەسوکار و خزم و هاوڕێ کۆدەبنەوە و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، ئەو شەوەش لەناوچەی موکریان کەسوکار لەدەوری یەکتری کۆدەبنەوە و بۆڵە ترێ کە لە مانگی کۆتایی هاویندا بەپەت هەڵدەگیرێت و وشک دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەو شەوەدا بخورێت، هەر لەو شەوەشدا کاسە و دراوسێیەتی دەکرێت لەنێوان خۆیاندا کە دراوسێیەکان خواردن بۆ یەکتری دەنێرن،لەناوچەی (سنە)ی خۆرهەڵاتی کوردستانیش لەکۆتایی هاویندا، کاڵەک هەڵدەگیرێت کە پێی دەوترێت (کاڵەک تورش) دەخرێتە نێو سرکەوە و لەو شەوەدا لەگەڵ یاپراخی باینجان و بیباری سوور دەخورێت". هەر لەشەوی یەڵدادا زیاتر شووتی و هەنار و هەرمێ دەخورێت، خواردنی شووتیش بەمانای ماڵئاوایی کردنە لە وەرزی گەرما و پێشوازی کردنە لە وەرزی سەرما".

### بۆنە و مەراسیم لەشەوی یەڵدادا:

شەوی یەڵدا لەنێو گەلانی جیهاندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەر وڵاتێک لەو شەوەدا بەپێی دابونەریتەکان ئاهەنگو



سەرچاوە
Serchawe

فێستیڤاڵ ڕێکدەخەن، لە ژاپۆن لەسەدەی حەوتەمی زایینییەوە بە دەرکەوتنی خواوەندی خۆر (تامیتراسۆ) لەئەشکەوتێکدا یادی ئەو شەوە کراوەتەوە، لەهەندێک شوێنی دیکەی ژاپۆنیش بە لێنانی خواردن ئەو شەوە بەڕێدەکرێت، بەڵام لەچین، لەو شەوەدا خێزانە چینییەکان ژەمە خۆراکی (تانگیوان) دەخۆن کە لە پێکهاتەکەی برنجە، بەمانای یەکگرتوویی خێزانەکان دێت، ئەمە وێڕای ئەنجامدانی ئاهەنگ و چەندین فێستیڤاڵی جۆراوجۆر.

**کات لەشەوی یەڵدای وڵاتاندا:**

درێژترین شەوی ساڵ لە وڵاتی فەنلاند دایە و پلەی یەکەمە چونکە ماوەکەی (١٨) کاتژمێر و (٢٢) خولەکە، دووەمیش نۆرڤێژ دێت کە شەوی یەڵدا تێیدا (١٨) کاتژمێر و نۆ خولەکە، سویدیش لە پلەی سێیەمدا دێت کە (١٧) کاتژمێر و (٥٤) خولەکە، درێژترین شەویش لە کوردستاندا کە شەوی یەڵدایە، (١٧) کاتژمێرو (١٤) خولەکە.

سەرچاوە: هەوەتوو - ڕێکەوتی: ٢٠ دێسەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## یەلدا شەوی بەینی تەواو بوونی پایز و دەست پێکردنی زستانە،




**تاهیر عەلیار**

لە بەشێکی کوردستان بۆ وێنە لە سنە و دەوروبەر پێی دەڵێن شەو چلە. ڕۆژی دوای شەوچلەش لە قەدیم دا پێیان کوتووە خۆرە رۆژ.

لە گاهشماریی قەدیم دا ساڵیان بە دوو دەورە ی شەش مانگە دابەش کردووە. شەش مانگی ئەوەڵ لە دەست پێکردنی هاوین یانی رۆژی ئەوەڵی مانگی تیر دەست پێدەکا و ئاخری پایز تەواو دەبێ . شەوچلە یا یەلدا ئاخرین شەوی ئەو دەورەی شەش مانگە و دەستپێکی دەوەرەی شەش مانگەی تازەیە. هەرکام لەو دەورەی شەش مانگەش دوو چلەی تێدایە . چلەی گەرە و چلەی چکۆڵە. دەلێین چلەی هاوین، چلەی زستان. وشەی یەلدا قەدیمە و کەلیمەیەکی ئارامیە و لە زۆر زمانی دیکەدا بە هێندێک گۆڕینەوە بەکار درهیندرێ. بۆ وینە لە زمانی سوئێدی دا دەبێتە یوول . یەلدا بە مانای قەدیمیەکەی خۆی یانی هاتنە سەر دنیا ، لە دایک بوون. لە عەرەبیدا بۆتە میلاد . لە کوردیدا بە غەڵەت ، لە عەرەبی را تەرجومە کراوەتەوە و پێی دەڵێن زایین کە سەد دەر سەد هەڵەیە و میلاد بە مەعنای زایین نیە. وشەی یەلدا وشەیەکی ئایینیە . لە ئایینی مهر کە ئوروپاییەکان پێی دەڵێن میترائیسم شەوی یەلدا شەوی هاتنە سەر دنیای میترایە. لەو شەوەدا پەیرەوانی ئەو ئایینە دادەنیشن و چاوەڕێی هاتنی مهر یا میترا دەکەن. لە بەرە بەیاندا کە میترا لە دڵی بەرد دیتە دەری ئیدی رۆشنایی رۆژ دیتە دەرێ و شەوگار لە کورتی دەدا. هاتنی رۆشنایی هێمای شەرێ نور دەگەل زولمەتە کە لە نهایەتدا نوور سەر دەکەوێ. ئەهریمەن سەرداری لەشکری تاریکی و میترا سەرداری بە هەشتی رۆشناییە. لەو ئایینە دا ئینسان عەبد نیە بەلکووبۆخۆی بڕیار دەرە بینا بە سروشتی خۆیان باشەکان دەچنە یاریدەی مهر و خراپەکان دەچنە پاڵ ئەهریمەنەوە. ئایینی زەرڎەشت

ئەو باوەڕانەی میترائیسمی وەرگرتوە و بە هێندیک ئاڵوگۆڕەوە واریدی جهان بینیی خۆی کردوە. ئاییینی مهر هەزاران ساڵ لە شەرقی مەدیتەرانە و ئورووپا برەوی هەبوە و کە مەسیحیەت بە سەر ئورووپادا زاڵ بوو زۆر لە هێماکانی ئەو ئاییینە ی واریدی رێ و رەسمەکانی ئاییینیی خۆی کردوە، بە تایبەت لە مەراسمی کریسمس و رۆژی لە دایک بوونی مەسیح دا رەنگ دەداتەوە بۆ وێنە بە کار هینانی رەنگی سوور لەو رۆژانە دا بۆ زۆربەی شتەکان . رەنگی سوور لە ئاییینی مهر دا رەنگی خۆرە و پیرۆزە. لە ئێران و کوردستاندا ئاییینی زەردوشت وردە وردە و بە توندو تیژی جیگای بە ئاییینی مهر لێژ کردوە. لە شانامەی فردەوسیدا شەڕی روستەم و ئەسفەندیار شەڕی ئاییینی مهر و ئاییینی زەردەشتە. ئەسفەندیار شوالیەی دینی زەردەشتە و بە زۆر ئەو ئاییینە بە بنەماڵەی زاڵ کە دەست پەروەردەی سیمورغن دادەسەپێنێ. سیمورغ سەمبولی ئاییینی مهرە و موقەدەسە. زال بە دەتی ئەو پەروەردە بوە. روستەم کە بریندار دەبێ سیمورغ دێ و برینەکانی خۆی و رەخش سارێژ دەکاتەوە و روستەم ئاگادار دەکاتەوە کە ئەسفەندیار روویین تەنە و هیچ چەکێک کاری لێ ناکا و هیچ هێزیک دەرووەستی نایا و تەنیا بەتیری گزیچار لە چاویەوە دەکرێ گیانی لێ بستێندری. لە باوەڕی مهر دا ئافەرینش و کائنات و کەون و مەکان لە ژێر سێبەری باڵی سیمورغ دا دەحەسێتەوە و ئاسایش پەیدا دەکا، لە کوردستاندا زۆر شار و گوند هەیە کە نێوی ئاییینیی بیر و باوەڕی مهریان ئێستاش لە سەرە و قەدیمن. بۆ وێنە شاری سنە. ئەگەر چاو لە نووسراوەکانی دەورانی دەسەڵاتی ئەردەڵان دەکەین شاری سنە بە (سینە) نێو دێر دەکا و دەزانین سینە یەک لە نێوەکانی سیمورغە. سیمورغ هەزار و یەک نێوی هەیە وەکوو عەنقا، هوما. سینا، (ابو علی سینا) یانی ئەبوو عەلی سیمورغ. سەنەندەج یانی قەڵای سیمورغ کە نێوێکی ئاییینیی ئەو بیروباوەڕەیە. یان کرماشان کە لە تاریخەکانی قەدیم دا نێوی (قرمیسین) ە. نیوەکە تەجزیە دەکەین. سین یا سینا یانی سیمورغ. قرم یانی دەنگی زولال و بەرز. قرمیسین یانی قریوەی سیمورغ کە لە درێژایی زەماندا سواوەتەوە و ئێستا دەڵێین کرماشان. پەیرەوانی ئاییینی مهر لە لێباسی یارساندا ئێستاش لەو ناوچەیە کەم نین.هەروەها لە بەشێکی دیکەی کوردستان شاری مێر دین مان هەیە. مێر یا مهر یەکە و نێوی شارەکە نێوێکی ئاییینیە و پێوەندی دەگەڵ میترائیسم هەیە کە نیشان دەدا لە زەمانێکدا ئەو ئاییینە چەندە لە کۆمەڵگای کەونارانی کورد دا بە هیز بوە و کورد لە زۆر قەدیمەوە لە گەڵ رێ و رەسمی یەلدا ئاشنا بووە.

وەرگیراو لە لاپەڕەی فەیسبووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## چی دەزانی دەربارەی شەوی یەڵدا؟



ئا: سەڵاح سالار

١

شاعیری گەورەی کورد نالی دەڵێت:
شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو،
کە دیدەم دوور لەتۆ بێ نوورە ئەمشەو.
هەندێکیش بە شیعری (کوردی) دەزانن.

٢

شەوی (یەڵدا) درێژترین شەوی ساڵە.
(دەیجوور)یش تاریکترین شەوی ساڵە.
لە هەندێ ناوچە (شەوی چلە)یشی پێدەڵێن.



٣

شەوی یەڵدا کۆتا شەوی پاییزە،
لەگەڵ یەکەم ڕۆژی زستان یەکدەگرن.
گەلانی ئێران زۆرترین گرنگیی پێدەدەن.

٤

بە ڕۆژژمێری کوردیی شەوی ٣٠ی مانگی سەرماوەز،
کە ڕۆژەکەی ١ی مانگی بەفرانبارە، شەوی یەڵدایە.
نابێت بە ڕۆژژمێری زایینی یەکلایی بکرێتەوە.



٥

لە ڕۆژژمێری زایینیدا شەوی یەڵدا جێگیر نییە،
شەوەکانی: ٢١ - ٢٢ - ٢٣ی مانگی کانوونی یەکەم،
هەر ساڵە و شەوێکیان بەر شەوی یەڵدا دەکەوێت.

٦

زۆربەی ساڵەکان هاوکاتە لەگەڵ شەوی ٢٢ی کانوون،
ساڵی ٢٠١٦ بەرانبەر بە شەوی ٢١ی کانوون بوو،
ئەویش بەهۆی ئەوەی ساڵی کوردیی ڕۆژێک پێشکەوت.



سەرچاوە
Serchawe



٧

(یەڵدا) وشەیەکی سریانییە، واتای لەدایکبوونە.
گوتوویانە لەو شەوەدا هەتاو لەدایک دەبێتەوە.
ئەو شەوە تا بەیانی بە کۆڕ و دانیشتن بەسەر دەبەن.

٨

عاریفان و ئەدەبدۆستان ئەو شەوە زیندوو دەکەنەوە.
کۆڕی شیعر و بابەتی عاریفانە و شەوچەرە و میوە،
بابەتە سەرەکییەکانی شەونشینیی یەڵدا دەبێت.



٩

میوەی وشکەوەکراوە، میوەی تەڕ، باسووف، مێوژ،
لەناو کوردەوارییدا بۆ شەونشینیی بەکار دەهێنرێت.

جگە لە کوردستان و ئێران، زۆر وڵاتی دیکەش،
گرنگیی بە شەوی یەڵدا دەدەن.



سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیامنیر نیت - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## مانای شەوی یەڵدا لای وڵاتان




شەوی یەڵدا کۆتا شەوی پاییزە، لەگەڵ یەکەم ڕۆژی زستان یەکدەگرن، شەوی یەڵدا یا(شەوی چلە) مێژوویەکی کۆن و چەند هەزار ساڵەی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ (ئیزەدی میهر)سەردەمی میتراپەرستی کە بەر لە زەردەشت بووە و یەکێکە لەکۆنترین جەژنەکانی کوردان و میللەتانی دیکە و تا ئێستاش ئەو جەژنە بەڕێوە دەچێت، شەوی یەڵدا بە چلەی گەورەش ناودەبرێت، واتە دوایین ڕۆژی پایز کە دەکاتە (٣٠) سەرماوەز، بەدرێژترین شەوی ساڵ دادەنرێت و ناونراوە شەوی یەڵدا و میللەتانیش هەر یەکە و بەشێوەیەک ئەو شەوە بەڕێدەکەن، خواردن و چالاکی و فستیڤاڵو کۆبوونەوەی کەسوکار و هاوڕێیان، لەتایبەتمەندییەکانی ئەو شەوەن و لە کوردستانیش بەهەمان شێوە، شەوەکە بەرز ڕادەگیرێت و چەند چالاکییەک ئەنجامدەدرێن.

### شەوی یەڵدا لە کوردەواریدا چییە؟

شەوی یەڵدا کەدرێژترین شەوو کورترین ڕۆژی ساڵە، لەڕووە زانستییەکەیەوە کاتێک ڕوودەدات کەخۆر دەکەوێتە گەورەترین خاڵی سەر هێڵی ناوەڕاستی زەوی. میللەتانیش هەر یەکەو بەشێوەیەک ئەو شەوە بەڕێدەکەن، خواردنو چالاکیو فێستیڤاڵو کۆبوونەوەی کەسوکارو هاوڕێیان لەتایبەتمەندییەکانی ئەو شەوەن.

### بەمانای لەدایکبوون

بەپێی ڕۆژژمێری زاینیش شەوی یەڵدا هەڵگەڕانەوەی زستانە لەنیوەی باکووری زەوی لەنێوان ٢٠ بۆ ٢٣ی کانوونی یەکەمی



سەرچاوە Serchawe

هەموو ساڵێک، لەنیوەکەی باشووریش لەنێوان ٢٠ بۆ ٢٣ی حوزەیران روودەدات. جەواد حەیدەری رۆژنامەنووس لەبارەی مەراسیمی شەوی یەڵداوە بۆ کوردستانی نوێ ئاماژەی بەوەکرد کەشەوی یەڵدا وشەیەکی سریانییە بەمانای لەدایکبوون دێت، کەمەبەستیش لەدایکبوونی خۆرە، وتیشی: دوو چلە هەیە لەوەرزەکانی ساڵدا، یەکێکیان چلەی هاوین کە لەمانگی پوشپەڕەوە دەستپێدەکات، ئەویتریشیان لەیەکەم رۆژی زستان لەمانگی بەفرانبارەوە دەبێت. حەیدەری ئەوەشی خستەڕوو کە لەناو نەتەوەکانی ئارییەکانو هیندییەکانو ئەوروپییەکانو ئێرانی کۆندا، یەکەم شەوی زستان کە بەشەوی یەڵدا ناسراوە، بەمانای سەرکەوتنی ئاهورمەزدا بەسەر ئەهەریمەندا دێت، واتە سەرکەوتنی رووناکی بەسەر تاریکیدا.

## خواردنەکانی شەوی یەڵدا

لەو شەوەدا هەر ناوچەیەو هەر هۆزێک شێوازی خواردنیان جیاوازە، لەوانە: جولەکەکان لەو شەوەدا جەژنێکیان هەیە کە بەجەژنی درەخت ناسراوە، مۆم دادەگیرسێنن‌و دەست بەنزاو پاڕانەوە دەکەن، هاوکات لەلای کوردیش ئەو شەوە بەجیاوازتر ناو دەبرێت، وەک جەواد حەیدەری وتی: لەناو کورددا بەشەوی یەڵدا دەوترێت (شەوی شەو چلەی شەو) کەکەسوکارو خزمو هاوڕێ کۆدەبنەوەو کاتێکی خۆش بەسەردەبەن، وتیشی: ئەو شەوە لەناوچەی موکریان کەسوکار لەدەوری یەکتری کۆدەبنەوەو بۆڵەترێ کە لەمانگی کۆتایی هاویندا بەپەت هەڵدەگیرێت وشک دەکرێتەوە، بۆئەوەی لەو شەوەدا بخورێت، هەروەها هەر لەو شەوەدا کاسەو دراوسێیەتی دەکرێت لەنێوان خۆیاندا کەدراوسێیەکان خواردن بۆ یەکتری دەنێرن، لەناوچەی سنەش لەکۆتایی هاویندا کاڵەکێک هەڵدەگیرێت کە پێی دەوترێت (کاڵەکە ترشە) دەخرێتەناو سرکەوەو لەو شەوەدا لەگەڵ یاپراخی باینجانو بینەری سوور دەخورێت. حەیدەری، وتیشی: هەر لەشەوی یەڵدادا زیاتر شوتی‌و هەنارو هەرمێ دەخورێت، خواردنی شووتیش بەو مانایەیە کە ماڵئاوایی کردنە لەوەرزی گەرماو پێشوازیی لەسەرما.

## مەراسیمی شەوی یەڵدا

شەوی یەڵدا لەنێو گەلانی جیهان دا تایبەتمەندیی خۆی هەیەو هەر وڵاتێک لەو شەوەدا بەپێی دابونەریتەکان ئاهەنگو فێستیڤاڵ رێکدەخەن.

**لەیابان**، لەسەدەی حەوتەمی زایینیدا بەدەرکەوتنی خواوەندی خۆر (تامیتراسۆ) لەئەشکەوتێکدا یادی ئەو شەوە کراوەتەوە، لەهەندێک شوێنی دیکەی ژاپۆنیش بەلێنانی خواردن ئەو شەوە بەڕێدەکرێت.

چین، یەکێکی دیکەیە لەو وڵاتانەی کە لەو شەوەدا خێزانە چینییەکان ژەمە خۆراکی تانگیوان دەخوان کە لەپێکهاتەکەی برنجە، بەمانای یەکگرتوویی خێزانەکان دێت، ئەمە وێڕای ئەنجامدانی ئاهەنگو چەندین فێستیڤاڵی جۆراوجۆر.

## مانای شەوی یەڵدا لای وڵاتان

درێژترین شەوی ساڵ لە فیلەندایە کە ماوەکەی ١٨ سەعاتو ٢٢ خولەکە، دوای ئەویش نەرویژ دێت کە ١٨ سەعاتو ٩ خولەکە، سویدش لەپلەی سێیەمدا دێت کە ١٧ سەعاتو ٥٤ خولەکە، هەروەها درێژترین شەو لەهەرێمی کوردستاندا ١٧ سەعات و ١٤ خولەک دەبێت. وەک بڕیاریشە لەکوردستاندا هاوشێوەی گەلانی جیهان ئامادەکاریی بکرێت، بۆ نموونە ماوەی چەند ساڵێکە چالاکی هونەریی ئەنجامدەدرێتو بڕیاریشە شەوی ٢٠ و ٢١ - ١٢ - ٢٠١٩ چەند چالاکییەکی شیعر خوێندنەوەو گۆرانی ڕێکبخرێت.

**شاعیری گەورەی کورد نالی دەڵێت:**

شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو،
کە دیدەم دوور لەتۆ بێ نوورە ئەمشەو

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان تیڤی - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٠ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe




سەرچاوە
Serchawe